کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە ژمارە ١٨ یەك شەممە ١٣٨٢/٤/١ June , 22th , 2003



# ڕا پەرینی خوێندکارانی زانکۆ ، خرۆشی جەماوەری بۆ ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی

## جووڵانەوەی ١٨ ی پووشپەڕی ١٣٧٨ ی خوێندکارانی زانکۆ بۆ ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی

جووڵانەوەی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی کە بە هەڵە (( بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ )) ناوبرا ، بێ گۆمان جووڵانەوێکی خەلکی بوو کە لە بارودۆخێکی تایبەتی کە خوێندکارانی زانکۆ خولقاندیان ، کەلکی وەرگرت. ئەم جووڵانەوەیە ڕەنگدانەوەی ڕق و بێزاری کۆمەلانی چەوساوە و ستەم لێکراوێك بوو کە راپەرێنی ٢١ ساڵ پێشی ئەوان بۆ دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەلایەتی لە لایەن کۆنە پەرستانی ئیسلامی سەرکوت کرا بوو . ئەم جووڵانەوەیە ڕەنگدانەوەی ٢١ ساڵ بێ بەشی سیاسی، ئابووری و کومەلایەتی لە هەموو ئەو شتانەی بوو کە بە مافی مرۆڤـ بە ناو بانگە . ڕەنگدانەوەی نارەزایەتی خەلکی بوو کە ٢١ ساڵ لە ژێر پێی قورسی کۆنە پەرەستی ڕەشی مەزهەبی و سەرمایەداری تالانچی و شەڕخواز سەرکوت کرا بوو .

پاشماوە لە لاپەرەی ٢

چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار

داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار



لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو و ئەدەبیاتی شۆرشگێرانە لاپەرەی ٦

## دیموکرات کێیە و چ کەسێك خوازیاری دیموکراسیە ؟

یەکێك لە باسەکانی سەرەکی لە ناوخۆ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلان دیموکراسیە . هەرکام لە گروپ و ڕێکخراوەکانی سیاسی تاریفی تایبەت بە خۆیان لە دیموکراسی دەکەن و بە شوێن هۆکار و یان ئامرازەکانی مادی دیاریکراون بۆ جێ بە جێ کردن و یان پاراستنی دیموکراسی . ئەگەر لە سەر مانای سادەی کە هەندێك لە دیموکراسی دەکەن ورد بینەوە ، و ئەگەر سەرنج تەواوەتی ڕوانگەی ئەوان سەبارەت بە دیموکراسی ، دەبینین کە لە دیموکراسی ئەوان جگە لە (( ووشەێکی )) فریوکارانە شتێکیتر نابینین . ئیجازەدان ، تەحموولٚ کردن ، ماف دان ، و . . . بووەتە هندێك ووشە کە زۆر جار پێوە شانازی دەکەن و لە رووی بەزەیی هاتنیان بە کەمینەی کۆمەلگا و گەورەیی خۆیان ئیجازە دەدەن تاکو (( کەمینەی کۆمەلگا بە شێوەێکی ئازاد بیر و

پاشماوە لە لاپەرەی ٥



یادی هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف ، لە ئیرادەی پتەوی فیدایی کۆمۆنیست هەردەم زیندووە .

لاپەرەی ٩ ، ٨

ڕ خنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی ( بەشی چوارەم )

لاپەرەی ٤ ، ٣

ووشەی سیاسی لاپەرەی ١٠

**کار ، خانوو ، ئازادی – کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

## جوولانەوەی ١٨ ی پووشپەڕی خوێندکارانی زانکۆ بۆ ئازادی و . . . .

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی (( جوولانەوەی پووشپەڕ )) بە نیسبەت جوولانەوەکانیتر لە مەودای دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت دەورانی پاش شەڕ ، هەروا خەڵکی بوونی بوو کە هەم ناسێنەری بەربلاوی ئەم جوولانەوەیە بە نیسبەت جوولانەوەکانی پێش لە خۆی و هەم ناسێنەری لایەنی سەربەخۆ و چینایەتی ئەو بوو . ئەم دو تایبەتمەندیە کە لە رادیکاڵ بوونی خێرای دروشم و داخوازیەکان و کردەوەی کینەیی و توند و تێژی خۆی نواند بوونە هۆی ئەوەی کە بۆ جارێکیتر ئەو بەشەی لە بورژوازی و ورده بورژوازی بە روالەت ئازادیخواز و ریفورم خواز کە بە دەوری پلاتفورمی خاتەمی کۆ بوون لە نیوەی رێگادا زورنای پاشەکشە لێ بدەن و لە سەرکوت و راگرتنی جوولانەوە لە گەڵ دواکەوتووترین باڵی بورژوازی ئێران لە دەسەڵاتدا هاودەنگ بن .

مەجبوور کردنی خەڵک بە مل کەچ بوونی یاسا ، متمانەدان بە بنیاتەکانی حکومی و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکە کە (( بەرەی دووی جۆزەردان )) یەکان بە کەڵک وەرگرتن لەو تێ دەکۆشن رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رووخان و تێک شکانی ڕزگار بکەن.

کردەوەی باڵی تری دەسەڵات بە نیسبەت نیشاندانی گاڵتە بازاری هێز و توانای (( دەفتەری سەقامگیری یەکگرتن )) یش ( دفتر تحکیم وحدت) کردەوەیکی تازە و سەیر نەبوو . ئەمە یەکەم جار نەبوو کە چەقۆکێشانی ئەم باڵە عەربەدە کێشە هاتنە مەیدانەوە و بە دروشمی (( دەیکوژم ، ئەیدرم ، ئەیبرم )) بێ ئەوەی کە لە نێوان دۆست و دوژمن جیاوازی دابنەن خەرێکی دەست و پێ شکاندن و خنکاندن بوون و سەرەڕای روالەتی وشکە مەزهەبی کە بە خۆوە دەگرن تەنانەت لە سوتاندنی قورئان و داخستنی عەمامەیش بۆ خۆڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن خۆ ناپارێزن . ئەم جارەیش داربەدەستانی دەسەڵات بە هێرش کردن بۆ سەر بەشی ناوخۆیی خوێندکارانی زانکۆ و ئاگر تێ بەردانی کەل و پەلی خوێندکاران و کوشتنی چەند کەسێک لە خوێندکاران دەیانویست بە خەیاڵی خۆیان بۆ نەیاران سنوور دیاری بکەن .

تایبەتمەندی ئەم جوولانەوەیە بە نیسبەت جوولانەوکانی رابردوو لەوێدا بوو کە هیچ کام لە دوو باڵی دەسەڵات نەیانتوانی کۆنترۆلی بکەن .

سەرەڕای هەڕەشە و تۆقاندنی باڵی عەربەدەکێشی رێژیم و ئاموژگاری قەڵەم بەدەستان و ماستاوچیەکانی باڵی ریفورم خواز ، بەشێکی گەورە لە خوێندکارانی زانکۆ خوازیاری دەرچوون لە زانکۆ بوون و رۆژنامەکانی سەر بە باڵەکانیش نەیانتوانی بەرگری بکەن لە دەرچوونی خوێندکارانی سەربەخۆ لە زانکۆ. خوێندکارانی سەربەخۆ بە کردەوە و بە دەرچوون لە زانکۆ توانیان رێبەری جوولانەوە بە دەستەوە بگرن.

رۆژنامەکانی (( کیهان )) و (( اطلاعات )) و راگەینەرەکانیتری ژێر رەکیفی باڵی داربەدەست ، خوێندکارانی سەربەخۆ (( بەکرێگیراوی بێگانە )) ناو دەبرد ، رۆژنامەکانی (( نشاط)) و (( همشهری و گۆڤارەکانیتری سەر بە باڵی ریفورم خواز تومەتیان دا کە ئەوان بەرد دەهاوێژن و تایە ئاگر دەدەن ، بەکرێگیراوان و ئەنساری حیزبوڵلان کە تێ دەکۆشن جوولانەوەی خوێندکاران بە لارێ ببەن و لە رەوتی یاسایی خۆی دەرێ بکەن . بەڵام هیچ کام لەم تومەتانە موعجزەی نەکرد .

خوێندکاران و لاوانی راپەریو دروشمیان دەدا ، (( یان مردن ، یان ئازادی )) و بەم شێوەیە و بە دەربرینی نارەزایی خۆیان گاڵتە بازاری شارستانیەتی ئیسلامیان تێك و پێك دا .

بەشداری کۆمەلانی خەڵک لە خۆپیشاندانی نارەزایی سەرشەقامەکان لە دەوروبەری گەرەکی زانکۆ و هەروا بلاو بوونەوەی نارەزایەتیەکان بۆ شارەکانیتر ، نیشاندانی هێز و توانای خەڵکی و بێ هێزی و بێ دەسەڵاتی دەسەڵاتداران لە بەرانبەر لافاوی خرۆشانی خەڵك بوو . تکا و رجاکانی خامنەیی و خاتەمی ، وەعد و بەڵێنەکانیان بۆ گرتنی ئەوانەی کە هێرشیان کردە بووە سەر بەشە ناوخۆئیەکان و دەرکردنی سەرکردەکانی هێزەکانی ئاسایش کاتێك بێ ئاکام بوو جێگای خۆی دایە هەڕەشە و دەسگیری بەربلاو کە نیشاندەری ئەو پەری ترسی سەرەکردەکانی تەواوەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نارەزایەتی بەربلاوی خەڵکی بوو . بێ گومان بزووتنەوەی خەڵکی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی خەباتی خەڵکی بردە قۆناخێکی نوێ یەوە . ئەمەێ کە دەڵێن قۆناخێکی نوێ ، سرووشتیە یەکەم لە لایەنی مێژوویی ئەو و پاشان لە لایەنی سیاسی ئەوە .

بەم مانایە کە دەورەی گۆمان و دوو دڵی بە باڵی ریفۆرم خوازی رێژیم گەیشتە کوتایی خۆی . راپەرینی شەش رۆژەی پووشپەڕ ئەگەر چی زۆر خێرا سەرکوت کرا ، بەڵام لە مەودای تەمەنی کۆرتی خۆیدا بە باشی رووخسار و سیمای خاتەمی و کار بەدەستان و بەکرێگیراوانی سەر بە باڵەکەی ئەوێ وەدەرخست . لە گەڵ پەرەگرتن و توند بوونی دژایەتیەکانی کۆمەڵایەتی ، خاتەمی رۆڵی سەنتەر بوونی لە دەس دا و مەجبوور بوو کە لە نێوان هێزەکانی ئاڵ و گۆر خواز و خوازیاری مانەوەی رێژیم یەکێك هەڵبژێرێ . ئەویش هەر ئەوێ هەڵبژارد کە لێ چاوەروان دەکرا .

هاودەنگ لە گەڵ هاوکارانی خۆی کە هاواریان دەکرد (( بیگرن ، بیبەسن ، بیکوژن )) لە (( هەوڵ و تەقەڵای پڕ لە بایەخی وەزارەتی زانیاری کە لەم بوارەیشدا شان بە شانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازی بۆ سەقامگیری ئەمن و ئاسایش !! تێکوشا بوون )) سوپاسی کرد .

ئەم جوولانەوە خۆبەخۆیی خەڵکیە ، هەموو ئەوانەی کە دەیانویست لە چوارچێوەی رێفورمەکانی ئەم رێژیمە بجووڵنەوە و تاکو ئێستا لە نەبوونی بەربلاوی کۆمەڵانی خەڵك لە گۆرەپانی سیاسەت کەڵکیان وەر گرتووە ، و خۆیان وەك هێزێکی ناسراوی سیاسی ناو دەبرد ، لە خەون هەستن و سەڵماندنی کە کاتێك رق و بێزاری کۆمەڵانی خەڵك بتەقێتەوە ، تەنیا ئەو هێزانەی کە نەریتی راپەرین و دروستی گۆرانکاریەکانی شۆرشگێرانە قبووڵ دەکەن و بۆ ئەم جوولانەوە خاوەن یاسا کۆمەڵایەتیە پروگرامی دیاریکراویان هەیە ، دەتوانن خەباتی خەڵکی بەرەو پێش ببەن .

راپەرینی پووشپەڕ هەروا گرینگی پەیوندی لە نێوان بزووتنەوەی ناوخۆیی و دەرەوەی ولاتی نیشان دا . ئەگەر چی رێژیم ئەو هێزانەی کە بە هۆی سەرکوتی بەربلاوی سیاسی ئیمکانی چالاکی بەربلاو و ئاشکرا لە ناوخۆ ولاتیان نیە ، بە ناو (( گروهك )) بچووك دەژمێرێ و گاڵتەیان پێ دەکات ، بەڵام ئەم راپەرینە نیشانی دا کە دروشمەکانی ئەم

گروهەکانە !! بۆ ڕووخاندنی تەواوەتی کۆماری ئیسلامی و خەباتی شۆڕشگێرانە بۆ ئازادی تا چ رادەیێك ریشەی خۆی لە ناوخۆی کۆمەڵگا داکۆتاوە و چون بیر و بۆچوون و پروگرامی ئەم گروهەکانە !! دەتوانێ کۆڵەکەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە جێ دەر بهێنێ بەڵام گرینگترین دەسکەوتی ئەم بزووتنەوەیە لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە ئاشکرا کردنی ڕۆڵی خاتەمی بوو . کردەوەکانی دوایی ڕێژیم بۆ سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایی ، بە باشی نیشانی دا کە پایەدارترین بەرە بۆ ئازادیەکانی سیاسی لە ئێران بەرەیێکە کە لە دژایەتی لە گەڵ تەواوەتی سیستەمی کۆماری ئیسلامی پێك دێت و هەموو باڵەکانی ڕێژیم و هەموو دەست و کلکەکانی لە نێوان ریزەکانی ئۆپوزسیون لە بەرانبەر ئەم بەرەیە لە یەك ریز ڕاوستاون .

پەیامی ئەم بزووتنەوەیە بۆ هێزە و ڕێکخراوەکانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێریش زۆر روون بوو . شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئێران هەزاران سەربازی گیان فیدای هەیە کە پێویستیان هەیە بە تەجروبەی ئێوە لە بواری ڕێکخستن ، دیاریکردنی هێلەکانی جووڵانەوە و پێك هێنانی شەبەکەی پەیوەندی گرتن لە گەڵ گروپەکانیتری کومەڵایەتی .

ڕێکخستنی هەموولایەنەی هێزەکان بۆ وەڵامدانەوە بەم پێویستیە ئەرکی سەرەکی هەموو هێزەکانی شۆرشگێرە .

سەرکوتی ڕاپەرینی شەش ڕۆژەی پووشپەڕ هیچ کات بە مانای مردنی ئەم بزووتنەوەیە نەبووە و نیە و پەرەگرتنی ئەم بزووتنەوەیە لە چەند ساڵی ڕابردوو و پاش ڕاپەرینی پووشپەڕی ۱۳۷۸ی هەتاوی بە تایبەت لە یەك ساڵی ڕابردوو لە خۆپیشاندانی خەڵکی وەك خۆپیشاندانی ژنان ، لاوان ، و کرێکاران و زەحمەتکێشان ، خوێندکاران و فوتابیان و هەروەها دەیان و سەدان چەشنە مانگرتن و ڕێپیوان ، ڕاستی و دروستی ئەم ڕوانگەیە دەسەلمێنی کە هەر جووڵانەوەیکی کۆمەڵایەتی هەوراز و نشێو بە خۆوە دەبینێ و سرووشتیە کە جووڵانەوەیکی خۆبەخۆیی کە ڕێك نەخرا بێت بە خێرایی تووشی لاوازی و کز بوون دەبێت . جووڵانەوەی پووشپەڕ سەرەڕای تەمەنی کورتی خۆی توانی کەش و هەوایکی سیاسی لە ناوخۆ کۆمەڵگا بکاتەوە و هەزاران لاو بهێنێتە ناو گۆرپانی سیاسی کۆمەڵگا کە ئەم لاوانە لە سەرەتای هاتنیان بە بەرد و دار چوونە شەڕ دژی هێزەکانی سەرکوتگەر و چەقۆکێشانی ڕێژیم . ئەوان توانیان بە تێ گەیشتنی شۆڕشگێرانە پەردەکانی گومان و دوو دڵی بە نیسبەت دەسەڵاتی داسەپاو هەڵدڕن و پووچەڵ بوونی دەزگای سەرکوت بە هەموو کەس نیشان بدەن.




## ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی (( بەشی چوارەم ))

### شێوەکانی بە کردەوەی ڕەخنە گرتن لە ناوخۆی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی

لە باسەکانی ڕابردوو گوتمان کە ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن لە تەشیکلاتی کۆمۆنیستی ئامرازێکە بۆ تێ پەرین لە بارودۆخێك بۆ بارودۆخیکی نوێتر ، بۆ گۆرانکاری و پەرەگرتنی بیر و کردەوە ! گوتمان ڕەخنە گرتن ئامرازی گەشە کردن و بوژانەوەیە ، ئامرازێکە بۆ لابردنی هەڵەکان و تەواو و دروست کردنی شێوە و شێواز ، شێوازەکانی شۆڕشگێرانە ! ڕەخنە گرتن هۆکاری پاڵوتنی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا و ئامرازێکە لە خزمەتی ڕزگاری چینی کرێکار .

ئێستا ببینین ئاوا ڕەخنەیێك چۆن سەر دەگرێ و لە چ ڕێگایێك دەبێ جێ بە جێ بکرێت . ببینین ڕەخنە گرتن وەك هۆکارێکی پەرە پێدەر و ئاڵ و گۆڕ پێکەر چۆن دەبێ ئەنجام بدرێت تاکو باشترین دەسکەوتەکانی بێت و تێ پەرین بەرەو بارودۆخی گەشە ئەستێنەر لە هەموو بوارەکاندا دابین بکات .

بەڵام پێش لەوەیٰ کە ئەم بوارانە دیاری بکەین ، دەبێ ئاوا کە پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد ، دیسان دووپات دەکەینەوە پێش مەرجی ئەمەیٰ کە بتوانین ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بکەین بە شتێکی پەرە پێدەر و ئاڵ و گۆڕ پێکەر لە تەشێکلاتی کۆمۆنیستی ، دەبێ بە بەباتی ڕەخنە گرتن وەك کارێکی سیستماتێك بڕوانین . دەبێ بزانین گەیشتن بە شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن ، یەکەم ، کاری کەسەکان نیە، هەروا کە دامەزراندنی دیسیپلینی پۆڵائین و پرولتیاریائیش بە هەوڵەکانی ئەم یان ئەو ئەندامی تەشکیلات ، وەدی نایەیێت . دووهەم ، لە تەشکیلاتێك کە شێوەی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن لەوێ هێشتا سیستماتیك نەکراوە ، شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتنیش لە لایەن ئەندامانی ئەو تەشکیلاتە ناتوانێ بە کار ببردرێ .

بۆیە ئەمە ئەرکی شانەکانی سوور ، تەشکیلاتی ناوچەیی و کومیتەکانی ناوچەئیە کە بابەتی ڕەخنە گرتن لە چوار چێوەی دیاریکراوی ئەو بکەن بە ئەرکی زۆر گرینگ و ئەساسی کار و چالاکی خۆیان ، تەشکیلات و ئەندامانی کە پەروەردەیان دەکەن بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بە تەواوی ڕێك و پێك و یەك دەست و ئورگانیك ڕێنوینی و ڕێبەری بکەن .

ئێمە زۆر جار و لە شوێنەکانی جۆر بە جۆر لە هاوڕێیانی تەشکیلاتی و بەرپرسانی بەشەکانی جۆر بە جۆر دەبیسین کە وەك نموونە دەڵێن ، کادیرمان نیە ، کەسی لێهاتوو و بە ئەزموونمان نیە ، هێزی ڕێکخەر و ڕاهێنەرمان نیە ، نووسەر و هەواڵنێری لێهاتوومان نیە و هتد ...

ئەم هاوڕێیانە بەداخەوە هیچ کات ناڵێن کادیر چۆن پەروەردە دەبێت و فێر دەکرێت و چۆن دەبێ خۆی چاك بکاتەوە . ڕاستی ئەمەیە کە هیچ کادیرێك لە ئاسمان نەهاتووتە خوارەوە . تەنیا بە پەروەردەی ئایدولۆژیك ، پەروەردەی سیاسی و لە ڕێگای ڕەخنە گرتنەکانی ئۆسولی و سیستماتیك و بەردەوامە کە کرێکاری ئەندام و یان پێش ئەندامی تەشکیلات و ڕوشنبیری شۆڕشگێری کۆمۆنیست دەتوانێ وەك کادیرێکی لێهاتوو ، کارئامە و وەفادار بە ڕەوشت و ئەخلاق و ئامانج و شێوەکانی کۆمۆنیستی پەروەردە بێت . زۆر لە

←

هاوڕێانی بەرپرسی ئێمە سەرنج نادەنە ئەمەی کە فێر کردن شتێکە و پەروەردە کردن شتێکی دیکە . هەر فێر بووێك دەبی لە گەل شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕابهێنین ، پەروەردەی بکەین و بکەینەی بە کادیرێکی بە ئەزموون . لە دەورانی شۆڕگێرانەی ئێستا کە هەزاران و دەیان هەزار کرێکار و ڕوشنبیری عاشقی کۆمۆنیزم بەرەو لای ئێمە دێن ، تەنیا کاتێك ئێمە دەتوانین هەر کام لەوان بکەین بە کادیرێکی لێهاتووی بزووتنەوە کە ئەوان بە شێوەی سیستماتیك و فێر کردنی ئورگانیك و هەموو لایەنە پەروەردە بکەین .

دەبێ لە بەرچاو بگرین کە شۆڕش ، خۆی باشترین فێرگەیە . ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان لە ئێران دەیان ساڵ چاوەڕوانی ئەو بوون ، ئەمڕۆکە و لە ئاکامی گۆڕانکاریەکانی دەورانی شۆڕشگێرانەی ئێستا خۆبەخۆ ئامادەیە . ئەو کەسانەی کە لە ماوەدای ئەم دەورانە پڕ هەوراز و نشێوە شۆڕشگێرانەیە بەرەو لای تەشکیلاتی کۆمۆنیستی هاتوون ، ئەگەر لە سیستەمی ئورگانیکی تەشکیلاتی ئێمە پەروەردە نەبن و ئایدۆلۆژی مارکسیستی نەکەن بە ئایدۆلۆژی خۆیان و فێری شێوە و شێوازەکانی کۆمۆنیستی نەبن ، وەك هێزەکانی سەرەڕۆ دەمیننەوە و هیچ کات ناتوانین ئیدیعای ئەوە بکەین کە خاوەن تەشکیلاتێکین بە کادیرەکانی بە ئەزموون و لێهاتوو .

بۆیە هاوڕێانی بەرپرس و هەروەها هەموو شانەکانی سوور دەبێ بزانن ئەمە سیستەمە کە دروست دەکات ، ئەمە ئورگانیزمە کە پەروەردە دەکات ، ڕێگای بەربەرەکانی لە گەڵ لاوازیەکانی تەشکیلاتی ئەمە نییە کە بە بڕوا بە بێ ئەزموونی و لا نەهاتوویی هێزەکان ، هەموو کارەکان بخەینە سەر شانی کادیرەکانی بە ئەزموون و هەر چەشنە بەرپرسایەتێك لە یەك یان چەند شانەی حیزبی کۆ بکەینەوە .

بۆ پێك هێنانی باشترین کۆمەڵەکان و بەرزترین ڕێکخستنەکانی ناوخۆی ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار ، ئەوەندەی کە لە سەرەوە مەرکەزیەت پێویستە ، لە خوارەوەی تەشکیلات دەبی نەبوونی مەرکەزیەت هەبێ .

دەبی بەرپرسایەتی بدەینە ئەندامان و داوای کاریان لێ کرد . هەر چەشنە ڕەخنەیێکیش دەبێ لە چوارچێوەی هەمان بەرپرسایەتی تەشکیلاتی کە دەدرێتە ئەندام ، لێ بگیردرێ . دەبێ پەیوەندیەکانی کەس لە گەل کەس بکەین بە پەیوەندیەکانی تەشکیلات و کەس . تەنانەت لە دژوارترین هەل و مەرجەکانی خەفەخان و سەرکوت کە نهێنی کاری دەبێتە ئەسڵێکی حەتمی و حاشا هەڵنەگر کە دەبێ هەموو کات لە بەر چاوی بگرین ، واتە لە هەل و مەرجێك کە هەر چەشنە پەیوەندی تەشکیلات لە گەڵ کەسانی ئەندام و پێش ئەندامی تەشکیلات بە شێوەیکی تاکە کەسی ئەنجام ئەدرێت .

دەبێ لە ڕێگای دامەزراندنی سیستەمی ڕاپورت گرتن و ڕاپورت ناردن ، ئاوا پەیوەندێك بکەین بە سیستەمی ئورگانیکی تەشکیلات . ئەو کات کە ئێمە بەرپرسایەتی نەدەینە ئەو هێزانەی کە دێنە ناو تەشکیلات ، نەك تەنیا هەرگیز لایەنەکانی بە هێزی و لاوازی ئەوان ناناسین ، بەڵکو بۆ خۆدی ئەم کەسانەیش لایەنەکانی بە هێزی و لاوازیان وە دەر ناکەوێ .

بۆیە سرووشتیە کە لەم حاڵەدا هیچ کات ناگەینە ڕەخنە گرتنی ڕاستەقینەیش . بە بی دامەزراندنی ئاوا سیستەمێك ، هەر چەشنە قسە و باسێك لە شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن ، قسەیێکی پووچەڵ و بێ ئەساسە .

کاتێك دەڵێن ، دەورانی ئێستا دەورانی حیزبایتی ، دەورانی تێ پەڕین لە قۆناخی پێش حیزبی و دەورانی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ژیانی حیزبایەتیە ، و دەورانی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە ، بۆیە دەبێ لە یەکەم قۆناخ دا ئوسوڵ و شێوەکانی کۆمۆنیستی بە جێگای شێوەکانی پێش حیزبی دەورانی کۆن دابنەین .

هاوڕێانی ئێمە دەبێ دڵنیا بن لەوەی کە لە هەل و مەرجی ئێستای ئێران ، چی تر لە گەڵ کادیرەکانی خۆ پەروەردە و بە ئەزموونی دەیەی چل ڕووبەڕوو نین . لە حاڵی بەرز بوونەوەی بزووتنەوەکانی خەڵکی سەر و کاری بزووتنەوە لە گەڵ زانایان و هەڵبژاردەکان نییە .

ئەگەر بڕوانینە پڕ بایەخ ترین نووسراوەکانی دەورانی پێش لە مارکس ، زانایانی دەدۆزینەوە کە نە بەرهەمی کاری سیستەماتیك لە تەشکیلاتی شۆڕشگێرن ، بەڵکو بەرهەمی تێ گەیشتووانەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و یان بورژوازین . قارەمانی (( چ دەبێ کرد ؟ )) چرنیشفسکی ، نموونەی ڕوون و ئاشکرا و تەواو عەیاری شۆڕشگێرێکی پڕ لە هەست و خۆڕاگرە . بەڵام قارەمانی ڕۆمانەکانی فادایوڤـ هەزاران ، هەزار کەسی بێ ناو نیشانن کە لە هەر کارگە و کارخانە و لە هەر مەزرا و گەرەکێك ، بە هەستێکی شۆڕشگێرانە و کۆمۆنیستی کە قەد تاریف ناکرێ لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی حیزبی بڵشویك پەروەردە بوون و بە ئیمان بە ئامانجەکانی پرولیتاریا ، لە شەڕی بەردەوام دژی سیستەمەکانی چەوسێنەران و ئیمپریالیزمن .

لە ئێران ، ئێمەیش ئەم کاتە کە دەورانی پێش حیزبی گەیشتووتە کۆتایی خۆی و دەورانی حیزبایەتی و ڕێکخستنی سیستەماتیکی ڕێکخراوی ڕێبەرایەتی و ڕێنمای چینی کرێکار خەریکی دامەزرانە ، چی تر زانایان و کادیرانی بە ئەزموون دەبێ بە پەروەردە کرن لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی بدۆزینەوە . ئەمە تی گەیشتنێکی زەینی و بە تەواوی میکانیستیە هەر کات بمانەوێ بە بێ دامەزراندنی سیستەمێکی ئورگانیك لە تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی ، خوازیاری پەروەردە کردنی کادیرەکانی لێهاتوو بین .

ئەمڕۆکە کادیرانی لێهاتوو ، وەفادار ، نووسەر ، توانا و پڕ لە هەست و شەوقی شۆڕشگێرانە و بە ئیمان بە ئارمانەکانی کۆمۆنیستی ، دەبێ بە شێوەکانی سیستەماتیکی پەروەردە و فێر کردنی ئایدۆلۆژیك ـ سیاسی و بە کەڵك وەرگرتنی ئۆسوڵی لە شێوەکانی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتنی کۆمۆنیستی لە ناوخۆی تەشکیلات پەروەردە کرد .

ئێستا کە ڕوون بوو ئەسڵی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی دەبێ ببێتە سیستەمێکی ئورگانیك لە تەواوی تەشکیلات ، دەبێ ببینین کە یەکەم :

ئەم کارە چۆن ئەنجام دەدرێ و دووهەم ئەوەی کە: شێوەی بە کردەوەی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتنی کۆمۆنیستی چۆن و لە چ ڕێگایێك بە ڕاهێنانی تەشکیلاتی دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری .

بە شێوەیکی ئەساسی هەر چەشنە تی گەیشتنێك کە بیهەوێ لە سەرەتاوە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لە

پاشماوە لە لاپەڕەی ٩

(( پاشماوەی دیموکرات کێیە و . . . ))

بۆچوونی خۆیان دەربڕن )) . لە ڕوانگەی ئەوان دیموکراسی بە مانای حکومەتی زۆرینە لە هەموو شوێنێکە ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر دیموکراسی بە مانای حکومەتی زۆرینەیە ، ئیتر (( ئیجازەدان )) و (( تەحمووڵ کردن )) چ مانایکی هەیە و بۆ شانازی دەکەنە تحموول کردن و ئیجازەدان و خۆیان پێوە هەڵدەکێشن . بیستنی ئەم وشانە هەر کەسێك وە بیر قسەکانی سەرکردەکانی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە کاتی سەرکوتەکانی ساڵی ١٣٦٠ و پاش ئەو دەخات کە دەیانگوت : ئێمە لە هەل و مەرجەکانی یەکەم ساڵەکانی پاش ڕاپەڕین ئیجازەمان دایە هێزەکانی سیاسی تاکو میتینگ وە ڕێ بخەن ، کۆبوونەوەیان هەبێ . ئەوانمان تەحمووڵ کرد تاکو لە مەجلیسی خۆبرەگان ( شووڕای هەڵبژێراوان و مەجلیسی شووڕای میللی بەشداری بکەن .

ئیجازەمان دا تاکو ڕۆژنامە و ڕاگەیاندراو بڵاو بکەنەوە و دژی کۆماری ئیسلامی تەبلیغ بکەن و . . . و زۆر جار بیستومانە کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن خۆزگە ئەوامان نەدەکرد تاکو ئێستا ئەوەندە موشکلە وگرفتی ڕێکخراو و هێزەکانی سیاسیمان نەبوایە . بەڵام هەر کەسێکی تێ گەیشتوو دەزانێ کە دیموکراسی لە ناوخۆی کۆمەڵگا نەك بەرهەمی (( تەحمووڵ کردن )) و (( ئیجازەدانی )) ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دیموکرات بوونی ئەو ، بەڵکو ئۆتۆریتەی دیموکراسی ئەوکاتەی شۆرشی ئێران بوو . دیموکراسێك کە ئۆتۆریتەی خۆی لە ڕێگای ئۆرگانەکانی چەکداری خەڵکی ، لە ڕێگای شووراکانی کرێکاری ، دامەزراوەکانی دیموکراتیکی خەڵکی و بە هێزی ئیرادەی کردەوەی شۆرشگێرانەی کۆمەڵانی خەڵك بە سەر دەسەڵاتی سیاسی تازە داسەپێندرا بوو . هێزی ئیرادەێك کە ڕێژیمی سەڵتەنەتی ی بە هەموو دام و دەزگای ڕووخاندە بوو، هیچ هێزێکی دواکەوتوو توانای ڕاوەستان لە بەرانبەری دا نەبوو.کەسێك کە لە حکومەتی زۆرینە ، (( ئیجازەدان )) بە کەمینە تێ دەگات ، نەك تەنیا دیموکرات نیە، بەڵکو لە دیموکراسی تەنیا ووشەیێکی بێ ئەساس و بێ مانا دروست دەکات

کە بۆ سەرمایەداران و چەوسێنەران وەك بەهەشتە و بۆ چەوساوەکان و هەژاران وەك داو و فریوێك زۆرتر نیە . ئەم دیموکراسیە لە قسەدا دیموکراسی بۆ زۆرینە و بەکردەوە دیموکراسی بۆ کەمینەیە ، بە کردەوە حکومەتی کەمینە و لە قسەدا حکومەتی زۆرینەیە . ئاوا دیموکراتانەی بە ئازادی دان بە کەمینەی کۆمەڵگا بە ئەوان ئیجازە دەدەن تاکو هەر جۆرێك کە دەیانەوێ زۆرینەی کۆمەڵگا بچەوسێننەوە ، تالانیان بکەن و بیانکەن بەکۆیلەی خۆیان . مامۆستایانی ئاوا دیموکراسێك کۆمەڵانی خەڵك فێری دیموکراسی و بیرکردنەوەی ئازاد ناکەن ، بەڵکو ئەوان فێری کۆیلەیی و مل کەچی دەکەن . کۆمەڵانی خەڵك فێر دەکەن تاکۆ کەمینە ئازاد بهێڵن چەوسێنەر بێن و ئەم مافەیش بۆیان بە ڕەسمی بناسن تاکو زنجیری کۆیلایەتی بە پێ ئەوان توندتر بکەن و لە بەرانبەر ئەم هەموو زوڵم ستەمە شانازیش پێوە بکەن کە لە مانای دیموکراسی تێ دەگەن و دیموکراتن . دیموکراسی بە مانای حکومەتی زۆرینەیە و حیزبی سەرکەوتوو مەجبوورە سەروەری خۆی لە ڕێگای ترسێك کە لە دڵی کۆنەپەرەستان دەخات ئەم حکومەتەی بیپارێزی . دیموکراسی بە مانای پێك هێنانی ئەو هەل و مەرجەیە کە زۆرینەی کۆمەڵگا بتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن . دیموکراسی یانی پێك هێنانی ئەو هۆکارە مادیانە و دامەزرانی ئەو پایە عەینیانەی کە زۆرینەی کۆمەڵگا بتوانن لە ڕێگای ئەو حکومەتی خۆیان دامەزرێنن و لە سەر چارەنووسیان بڕیار بدەن . ئەم دیموکراسیە نە بە مانای ئیجازەدانە ، نە تەحمووڵ کردنە و نە جێگای شانازیە . ئاوا دیموکراسێك لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و لە ڕێگای دەنگدانی ئازاد وەدی نایەێت ، ئەم دیموکراسیە ئۆتۆریتەی خۆی لە ڕێگای دەنگدانی تاکە کەسی ئەفرادی کۆمەڵگا بە دەست ناهێنێ ، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگا تا ئەو کاتەی کە پێکەوە نین و ڕێك نەخراون ، بە هۆی پروپاگەندی سیستەمی چینایەتی ودەزگای ڕاگەیاندنی بۆرژوازی ناتوانێ لە ئازانجەکەی خۆی دیفاع بکات و ناتوانێ ئیرادەی خۆی بە ئەنجام بگەیێنێ . ئەم دیموکراسیە ئۆتۆریتەی خۆی لە ڕێگای ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی خەڵکی بە دەست دێنێ، کە هێزی ئیرادەی گشتی کۆمەڵانی خەڵك لە خۆیدا کۆ کردووتەوە . ئەم

دیموکراسیە بەرهەمی هێزی ڕێکخستنەکانی چەکداری خەڵکی یە کە هەموو دام و دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازیان تێك شکاندوون و بە تێگەیشتن لە ئازانجەکان و ئامانجەکانی شۆرشگێرانەی خۆیان نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵدەبژێرن و حکومەتی زۆرینە کۆمەڵگا دادەمەزرێنن . زۆرینەی کۆمەڵگا لە بەر ئەوەی کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگان ، لە حەمان حاڵدا ئەو پەڕەی دیموکراسی بۆ خۆیان وەدی دێنن ، بەڵام لە بەرانبەردا بە کەمینەی ستەم کار ، کەمینەی چەوسێنەر و کەمینەی سەرمایەدار کە لە ئاکامی چەوساندنەوە لە کاری بە کرێگیراوی و ستەم و چەوساندنەوە ، زۆرترین زوڵم وستەم لە دژی ئەم زۆرینە بە کار هێناو ، نە (( ئیجازە )) ی ستەم کاری بە ئەوان دەدەن و نە (( مافی )) تالان و دزی . بەڵکو ئازادی ئەم کەمینە چەوسێنەرە بە تەواوی بەربەست دەکەن و بە هیچ شێوەێك ئیجازەی خیانەت کردن بە ئازانجەکانی زۆرینە بە ئەوان نادات . ئەمە ڕوویێکیتری هەمان دیموکراسی واتە دیکتاتوری کۆمەڵانی خەڵك دژی چینەکانی زاڵمی کۆمەڵگایە . ئەم دیکتاتوریە بەرهەمی بەرزترین و ڕێك و پێك ترین دیموکراسیەکانە . دیکتاتوری دژی سەرمایەداران ، خاوەن زەویەکان و ستەم کاران . بە بێ ئەم جۆرە دیکتاتوریە ، دیموکراسی زۆرینە بە هیچ شێوەێك مانای نیە . ئێستا تێ دەگەین کە دیموکرات کەسێکە کە حکومەتی زۆرینەی توێژ و چینەکانی خەڵکی کۆمەڵگا دژی کەمینەی دژی خەڵکی یان دژی شۆرشی کۆمەڵگا بە کردەوە قبووڵ بکات ، نەك بە قسەدا . دیموکرات دەبێ بزانێ حکومەتی زۆرینەی توێژ و چینەکانی خەڵکی یانی کردەوەی دیکتاتوری زۆرینەی توێژ و چینەکانی بێ بەش دژی کەمینەی زاڵم . بۆیە دیموکرات کەسێکە کە مل کەچی دیکتاتوری زۆرینەی کۆمەڵگا دژی کەمینەی چەوسێنەر بێت . بە بێ ئەم دیکتاتوریە کەمینەی زاڵم دەتوانێ بە هێزی ئابووری خۆی دەسەڵات و حکومەتی زۆرینە تێك بشکێنێ و سندووقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ خۆی بکرێ . بۆیە بە بێ حکومەتی زۆرینە باس کردن لە دیموکراسی قسەێکی پووچ و بێ مانا زۆرتر نیە .

★

چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار

داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

# بەرێز بێت یادی فیدائیانی شەهید لە مانگی پووشپەڕ

مەنسوور فەرسا
مەهدی پەهڵەوان
عەبدوڵلا سوفی
وەلی سوسەنی
کازم غەبرایی
بەهمەن راست خەدیو
سیروس بارەند
حەسەن باقری
نەستەرەن ئاڵ ئاغا
گوڵروخ مەهدەوی
نادعەلی پوور نەغمە
یەحیا رەحیمی
غولام عەلی پوور نەغمە
مەحموود عەزیمی بلووریان
یەدوڵلا زارع کاریزی
ئیسماعیل نەریمیسا
محەمەد رەزا قەساب ئازاد
عەلی رەزا ئەڵماسی
مەسعوود فەرزانە
شیرین فەزیلەت کەلام
حەمید سەفەری نەژاد
یوسف قانع خوشك بیجاری
غولام رەزا لایق مهرەبانی
محەمەد رەزا یەسربی
عەبدوڵرحمان تەهماسبیان
ئەسفەندیار قوربانی
فاتیمە حوسێنی
محەمەد حوسێن حەق نەواز
تاهیرە خورەم
حەمید رەزا ماهیگیر
عەسگەر حوسێن ئەبرەدە
محەمەد مەهدی فۆقانی
غولام عەلی خەرات پوور

عەلی ئەکبەر وەزیری
حەمید ئاریان
بەهزاد ئەمیری دەوان
ئەفسەر ئەلسادات حوسێنی
نادرە ئەحمەدی هاشمی
سیمین تەوەکولی
عەلی خسووسی
کازم سەلاحی
ئەحمەد خورەم ئابادی
عەلی ئەکبەر حەق بەیان
ئەکبەر فەلاح
جەعفەر قەنبەر نەژاد
رەحمان کیا
حوجەت موحسێنی کەبیر
یەعقووب میرزایی
عەلی ناسری قەسەمی
فاتیمە نوری
یەعقووب یەزدانی
ئەحمەد رەجەب نەژاد
عەبدوڵلا سەعیدی بیدوختی
غولام رەزا جەلالی
خسرەو مایی
شەفیع رەمەزانی
نادر ئەیازی
عەلی ئەکبەر حەیدەریان
سینا کارگەر
عەلی رەزا زەریفی
عەلی رەزا بامیان چوبداری
حەمید ئەشرەف
مەنسوور بەهەشتی
محەمەد رەزا پەیرەو
عەبدوڵ رەزا داسار



## فدایی شهید : سعید ساطان پور
## با کشورم چه رفته است ؟

با کشورم چه رفته؟
با کشورم چه رفته؟
که زندانها
از شبنم و شقایق
سرشار اند
و بازماندگان شهیدان
انبوه ابرهای پریشان سوگوار
در سوگ لاله های سوخته
می بارند
با کشورم چه رفته
که گلها هنوز
سوگوارند
با شور گرد باد
آنک
منم
که تفته تر از گرد بادها
در خارزار وادی ای می چرخم
تا آتش نهفته به خاکستر
آشفته تر ز نعره خورشیدهای تیر
از قلب خاک های فراموش
سرکشد
تا از قنات حنجره ها
موج خشم و خون
روی غروب سوخته مرگ
برکشد
این نعره‌ی منست
این نعره‌ی منست
که روی فلات می پیچد
و خاک های سکوت زمانه تاریک را
می آشوبد
و با هزار مشت گران
بر آبهای امن می کوبد
این نعره ی منست
که می روبد خاکستر زمان را
از خشم روزگار
بعد از تو ای
ای گلشن ستاره دنباله دار اعدامی
ای خسرو بزرگ
خسروان بودی
که برای آخرین ستاره
خونین ترین سرود
در باغ ارغوان
در ازدحام خلق
در دور دست و نزدیک
من هیچ نیستم
جز آن مسلسلی که در
زمینه ی یک انقلاب می گذرد
و خالی و برهنه و خونالود
سهم و سترگ و سنگین
در خون توده های جوان
می غلتد
تا مثل خار سهمناک و درشتی
روییده بر گریوه های گل سرخ
آینده را بماند در چشم روزگار
یادآور شهادت شوریدگان خلق
بر ارتش مهاجم این نازی، این تزار
ای خشم ماندگار
ای خشم!
خورشید انفجار
ای خشم!
تا جوخه های مخفي اعدام
در جامه های رسمی
آنک
آنک هزار لاش خواره خشم
مثل هزار توسن یال افشان
خون شیهه بسته است
بر این ویران
دیگر ببار
ببار ای خشم!
ای خشم
چون گداز آتشفشان ببار
روی شب شکسته استعمار
اما دریغ و درد
که جبریل های اوت
با شهپر سپید
از هر طرف فرود می آیند
و قلب عاشقان زمان را
با چشم و چنگ و دندان
می خایند
و پنجه های وحشت پنهان را
باخون این قبیله
می آلایند
با ین همه شجاع
با این همه شهید
با کشورم چه رفته است؟
که از خاک میهن گلگون
از کوچه های دهکده
از کوچه های شهر
از کوچه های آتش
از کوچه های خون
با قلب سربداران
با قامت قیام
انبوه پای پوشان
انبوه ناگهان
انبوه انتقام
نمی آیند
چشم صبور مردان
دیریست
در پرده های اشک نشسته
دیریست
قلب عشق
در گوشه های بند شکسته
چندان ز تنگناه قفس
خواندیم
کز پاره های زخم
گلو بسته است
ای دست انقلاب
مشت درشت مردم
گل مشت آفتاب
با کشورم چه رفته؟

# ڕێژیمی ئێران ڕاسپاردەیێکە وەك ڕێژیمی سەدام

( کۆرت کراوەی بابەتێکە لە بڵاوکراوەی سیاسی _ خەبەری (( جهان کمونیستی )) ژمارەی ٣٨

سیناریوی هێرش بۆ سەر عێراق بە خۆڵقاندنی ترس و تۆقاندن و بە دروشمی شەڕ دژی تیروریزم و خەتەری چەکەکانی کیمیاوی و کۆ کوژ و بە ڕواڵەتی دامەزراندنی دیموکراسی و دیفاع لە مافی مرۆڤـ و لە ناو بردنی دیکتاتۆری نووسرا . دروشمەکان بە شێوەیێکی زۆر زیرەکانە دارشرا بوون و خاوەن لایەنەکانی ئینسانی و هەروەها ترس و تۆقاندن بوون . لایەنی ئینسانی ئەو بە ڕواڵەت دژی ئەشکنجە و ئیعدام ، پێشێل کردنی مافی مرۆڤـ و بە کار هێنانی چەکی کیمیاوی دژی نەتەوەی کورد بوو کە لە لایەن دیکتاتۆری عەشیرەیی حیزبی بەعس ساڵەها لە دژی خەڵکی عێراق بە کار دەهاتن . ئامانجی هێرش لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمان لە ناو بردنی پێشێل کردنی مافی مرۆڤـ و دامەزراندنی دیموکراسی لە عێراق نەبووە و لە داهاتوویشدا نی‌یە و بە شێوەیێکی ئەساسی ئیمپریالیزم لە گەڵ ئەم ئامانجە بێگانەیە و لێ دوورە .ئامانجی‌تری شەڕخوازان بە دانی دروشمی شەڕ دژی تیروریزم و چەکەکانی کیمیاوی و نەوەوی ، ترس و تۆقاندنی خەڵکی ئەمریکا و بریتانیا بوو کە ئۆپراسیونی تیروریستی ١١ ی سیپتامبەر ، زەمینەی باشی بۆ ئەم چەشنە پروپاگەندەی پێك هێنا بوو.توانیان بەم پروپاگەندە بیر و بۆچوونی گشتی لە ئامانجی هێرشی سەربازی بە لاڕێ ببەن.عێراق بە تەنیایی و خۆ بە خۆ نەیتوانی ئەم چەکانە بەرهەم بێنێ و لە لایێکی دیکەوە زانست و تەکنولۆژی بۆ بەرهەم هێنان و گواستنەوە و پاراستن و شێوەی بە کار هێنانی ئەم چەکانە زۆر سەخت و دژوارە و دروست کردنی کارخانە و بەرهەم هێنان و فروشتنی ئەم جۆرە چەکانە تەنیا لە دەستی چەند وڵاتی پێشکەوتووی پیشەیی جیهان وەك ئەمریکا و بریتانیایە . سیاسەتی ناوچەیی ئیمپریالیزم پێویست دەکات تاکو ڕێژیمەکانی وەك عێراق و ئیسرائیل و ئێران و . . دامەزرن و خەڵکی وڵاتەکانیان تووشی شەڕەکانی ناوچەیی بکەن و قازانجی ئەم شەڕە سەربازیانە بکەن بە گیرفانی سەرمایەدارانی پیشەکانی بەرهەم هێنانی چەك و چوڵ . پروپاگەندی ڕێژیمی عێراق سەبارەت بە بوونی دوژمنانی وەك ئیسرائیل و ئەمریکا و . . . و شەڕی عێراق و ئێران و هێرش بۆ سەر کوێت ئاکامی بیر کردنەوەی سەدام نەبوو ، بەڵکو ئەمە سیاسەتی ناوچەیی ئیمپریالیزمە کە بتوانێ ناوچەکە لە حاڵەتی سەربازی و کێ بەر کێ چەك کڕین و کۆ کردنەوەی چەك ڕابگرێ و پەرە بداتە بازاری فروشتنی چەك . ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام توانی ئەرك و پێ سپێردراوی خۆی بۆ ڕێگری و بەردری کردن لە خۆڕاگری خەڵکی لە بەرانبەر هێرشی داگیرکەرانی ئەمریکا و بریتانیا تاکو تەسلیمی عێراق بە جێ بگەیێنێ . سەرکردەکانی ڕێژیمی عێراقیش هەر کامیان بەرەو لایێکەوە ڕۆیشتن و بوون بە موشەکێکی وێڵ وەك ئوسامە بن لادن و ڕێبەرانی‌تری ئەلقاعیدە . لە درێژەی ئەم زنجیرەیە ، سیناریوی ئێران زۆر جیددیە . سیناریوێك کە لە لایەن بریتانیاوە دەستێ پێ کردووە و بە کودیتای سەربازی ٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ ی هەتاوی ( ١٩٥٣ ی زائینی ) ڕێژیمی دیکتاتۆریی شای سەر بە ئەمریکای بە دەسەلات گەیاند . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دانی دروشمی فریوکارانەی دژی ئەمریکایی و بە ڕێککەوتن لە گەڵ ئیمپریالیزم زورنای هێرش بۆ سەر خەڵکی لێدا و شۆرشی دیموکراتیك و دژی ئیمپریالیستی خەڵکی ئێرانی لە گەڵ شکست ڕووبەروو کرد . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هێرش بۆ سەر وڵاتی ئەفغانستان ڕێککەوزتننامەی نهێنی‌ی لە گەل ئەمریکا ئیمزا کرد و دەوڵەتی ئەمریکایش پاش سەرکەوتنی سەربازی لەو وڵاتەدا سوپاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کرد و ئاخرین هاوکاری ڕێژیمی ئێران لە گەڵ ئەمریکا و بریتانیا لە هێرش بۆ سەر عێراق بوو .بەم حاڵەیشدا لە درێژەی سیاسەتی داگیر کردنی جیهان لە ڕێگای هێزی سەربازی ، ئەمریکا درێژە بە پروپاگەندی خۆی دژی هاوکاری ئەتوومی ڕووسیا و کۆماری ئیسلامی دەدات و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مەجبوور دەکات سەردانی دامەزراوە ئەتوومیەکانی ئێران بکات و لەم نێوانەدا ناوی کومپانیایێکی ئەمریکی کە تەکنولۆژی دروست کردنی چەکی ئەتوومیی بە ئێران فرۆشتە بوو ، ئاشکرا دەبێ و ڕووسیا ڕێککەوتننامەی (( پالاوتنی ئورانیوم )) لە نێوان ئێران و کومپانیاکانی بریتانیایی و هوڵەندی ئاشکرا دەکات . ئەمە زۆر جیددیە و وەك ئەو موعاملەیە دەچێ کە بە سەر عێراق هات و بۆ ئێرانیش چاوەڕوان دەکرێ .

کرێکاران ، زەحمەنکێشان ، پورسنێلی شۆرشگێر ، کۆمەلانی ژێر دەستە و چەوساوە

مەرجی گرێنگ و سەرەکی بۆ بەردەوامی و کاریگەر بوونی خەباتی ئێوە دژی هەژاری و دواکەوتوویی و سەرکوت یەکگرتنی ریزەکانتانە .بە یەکگرتنی ریزەکان و ڕێکخستنی جوولانەوەی نارەزایی ئێوەیە کە زەمینەی باش و گونجاو بۆ وەرێ خستنی مانگرتنی سەرانسەری و هاوکات لە گەڵ ئەو ڕاپەرینی چەکدارانەی گشتی و سەرانسەری کە تەنیا هۆکاری رووخانی دەسەلاتی ڕەشی سەرمایە و دواکەوتوئیە ، ئامادە دەکرێ . مانگرتنی سەرانسەری و ڕاپەرینی چەکدارانەی گشتی تەنیا ڕێگای ڕزگاری و گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەلایەتیە



# یادی هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف لە ئیرادەی پۆڵائینی فیدایی کۆمۆنیست هەردەم زیندووە !

ڕۆژی هەشتەمی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٢ ، ٢٧ ساڵ بە سەر شەهید بوونی سیمای ناسراوی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران ، ڕۆڵەی شۆڕشگێر و پڕ لە هەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، خەباتگێڕی ڕێگای ڕزگاری و سوسیالیزم ، هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف ، یەکێک لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی مەزنی ڕێکخراوی ئێمە و ٩ هاوڕێتری فیدایی : مەحمەد ڕەزا یەسربی ، لایق مهرەبانی ، غولام عەلی خەرات پوور ، عەسگەر حوسێنی ئەبرەدە ، عەلی ئەکبەر وەزیری ، مەحمەد حوسێن حەق نەواز ، تاهیرە خورەم ، یوسف قانع خۆشکە بیجاری و فاتیمە حوسێنی تێدەپەڕێ .

ئەو جنگاوەرە کۆمۆنیستانەی کە حەماسەی خۆڕاگری هەست بزوێنی ئەوان لە بەرانبەر بە کرێگیراوانی سەرمایە لە هەموو جێگایێك دەنگی داوە ئەمڕۆ پاش تێ پەڕ بوونی ٢٧ ساڵ هێشتا ناوی حەمید ئەشرف وەك جەنگاوەرێك پڕ لە هەست ، شۆڕشگێڕی سەر سەخت و کۆمۆنیستێکی ڕێکخەر لە سەر ئاڵای خەباتی خوێناوی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکی ژێر ستەمی ئێران ئەدرەوشێتەوە . کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ناوی حەمید ئەشرف لە خۆڕاگری بێ وێنە و شەڕەکانی قارەمانانەی دژی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا و بە کرێگیراوانی سەرمایە ، دەناسن . حەمید بە کینە و ڕقی قوول بە نیسبەت دوژمن ، و عەشقی لە بن نەهاتوو بە نیسبەت ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان ، لە ڕووبەروو بوونەوە لە گەڵ گرفت و موشکیلەکانی گەورەی چالاکی و خەباتی نهێنی و لە بەرانبەر لافاوی بەربڵاوی هێرشەکانی ڕێژیم ، ئاوا ویست و ئیرادە و بڕیارێکی هەبوو کە هیچ ڕێگرێك توانای ڕاوەستان لە بەرانبەری ئەو نەبوو . حەمید لە مەودای ساڵەکانی خەبات لە سەنگەری ڕێکخراو ، بە ئاشنایی تەواو بە سەر شێوەکانی خەباتی نهێنی ، لە گەڵ ئاگری چەکی خۆی ئاوا ترسێك خستە بووە ناو دڵی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا ، کە لە پشت دیوارەکانی پارێزراوی خۆیان دا هەست بە ئەمنیەت و ئاسایشیان نەدەکرد . حەمید ئەشرف زۆرتر لە ١٤ جار ئاڵقەی گەمارۆ و کەمینی پۆلیسی دوژمن بە وریایی بێ وێنە و شەڕی قارەمانانەی هەست بزوێن تێك شکاندە بوو .

قارەمانیەکانی هەست بزوێن و شەڕەکانی حەماسیەی ئەو لە نێوان خەڵك وەك موعجزە چاوێ لێ دەرکرا . بەڵام حەمید نەك تەنیا لە کاری نیزامی و شەڕی گەریلایی ، بەڵکو لە ڕێکخستن و ڕێبەری سیاسی تەشکیلاتیش لە لێهاتوویی یەك جار زۆر بەهرەمەند بوو. حەمید ئەشرەف پاش زەبرە قۆرسەکانی پۆلیسی ساڵەکانی ١٣٥٠ –١٣٤٩ ی هەتاوی ( ١٩٧٠ –١٩٧١ ی زائینی ) لەو هاوڕیانەی بوو کە بە ئیرادەیکی پۆڵائین خەریکی نوژەن کردنی تەشکیلات بوو و بە چالاکی شەوانە – ڕۆژانەی خۆی بەردەوامی چالاکی ڕێکخراو تەزمین کرد . هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف بە ئەسڵی ڕێکخستن ، ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتنی مارکسیستی– لینینیستی و ڕێك و پێکی و دیسیپلینی تەشکیلاتی گرێنگی یەکجار زۆری دەدا .

لە حاڵێکدا لە بەرانبەر هاوڕیانی تەشکیلات ، خۆی بە زل نەدەزانی و ڕەخنە دەگرت لە هەڵەکان و کەم و کۆریەکان ، لە هەمان حاڵدا لە بەرانبەر بە لارێ چوونەکان سەر سەخت بوو و بە توندی لە بەرانبەریان ڕادەوستا . ئەو بە پێداچوونەوەی بەردەوام لە سەر خاڵەکانی لاوازی و بە هێزی ڕێکخراو و لە بەر چاوگرتنی ئەزموونەکان و کەڵك وەرگرتن لەوان لە خەبات ، ڕێکخستن و ڕێبەری تەشکیلات بە شێوەیکی خۆڵقێنەر ئوسوڵەکانی تیئوری و پراتیکی پێکەوە گرێ دەدا . حەمید بە لە بەر چاو گرتنی ئەم ئەزموونانە زۆر جار ڕێکخراوی لە ژێر زەبری پۆلیسی بە ڕێکخستنی سەر لە نۆی ئەو و هەموو ئارەزووەکانی ڕێژیم پووچەڵ دەکرد و پروپاگەندی سەرکردەکانی ڕێژیم سەبارەت بە تەواو بوونی کاری ڕێکخراو بەرپەرچ دایەوە .

ئەرکی حەمید ئەشرەف زۆرتر لە هەموو شت لە پاراستن و بەردەوامی چالاکی ڕێکخراو بوو کە سەرەڕای زەبرەکانی قورسی پۆلیس و دەسگیری و شەهید بوونی ڕێبەرانی ئەو ، دەبوایە وەك تەنیا ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا درێژە بە چالاکی



خۆی بدات ، تاکو لە ئامانجەکان و ئارمانی چینی کرێکار دیفاع بکات . لەو کاتەدا بوو کە ئەو ئۆپۆرتونیستانەی بۆ دروست نیشان دانی ساڵەها بێ کردەوەیی و سەر لێ شێواوی خۆیان ، هەر جار کە ڕێکخراو دەکەوتە بەر هێرشی شێتانەی ڕێژیم ، بە پروپاگەندی دواکەوتووانەی ڕێژیم پەرە دەدان و دووپاتی دەکردنەوە ، گاڵتەیان بە حەماسەکانی قارەمانانەی هاوڕیانی ئێمە دەکرد و هندێك جار بە شێوەیکی ئاشکرا و بێ شەرمانە هاودەنگ لە گەڵ بەکرێگیراوانی ڕێژیم ڕایان دەگەیاند کە کاری ڕێکخراو تەواو بووە . بەڵام هەر جار ئەزموون بە شێوەیکی حاشاهەڵنەگر ئیدیعاکانی بەکرێگیراوانی سەرمایە و قسە پڕ و پووچەڵەکانی ئوپۆرتونیستەکانی بێ کردەوەی ئاشکرا دەکرد و زۆرتر لە پێش دا نیشانی دەدا کە مێژووی خەباتی چینایەتی بە خۆڕاگری و خوێن و حەماسە دەنووسرێ .

خەبات یان شەڕی بێ وچانی چینەکانی دژ بە یەك بەردەوام دەبێ . ئامانجەکانی پرولتیاریا نەك لە ڕێگاکانی ئاشتی خوازانەی خەباتی چینایەتی ، بەڵکو لە ڕێگاکانی دژوار و لە نێوان ئاگری شەڕە قورسەکان تێ دەپەڕێ . ڕێژیمەکانی دواکەوتوو هەر جار کە هێرشیان هێناوەتە سەر ڕێکخراوی ئێمە و زەبریان لە ئێمە وەشاندوە ، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان هەزاران جار کاری ئێمە تەواو بوو ڕاگەیاندوە ، بەڵام کێیە کە نەزانێ ئەم ڕێکخراوە کە شکست قبووڵ ناکات بە خوێن و حەماسەی هەر جار بە ئەزموون تر و قایمتر لە پێش دا ، لە هەموو شەڕەکان سەر بەرز سەری هەڵداوەتەوە و لە ڕێگای خەبات واتە ڕێگای خوێناوی شورش بەردەوام بووە . لەو کاتەی کە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی ( ١٩٧٦ی زائینی ) هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف و ٩ کەسێکی تر لە هاوسەنگەرانی پاش چەندین کاتژمێر شەڕی نابەرانبەر شەهید بوون ، بۆ جارێکی تر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕێژیم گۆتیان ڕێکخراو لە ناو چووە .

ئوپۆرتونیستەکانی جۆربەجۆر لە ماڵە ئەمنەکانی

خۆیان و لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ڕوشنبیری دەرەوەی وڵات لاپەڕەی زۆریان ڕەش کردەوە تاکو ڕاستی و دروستی تیئۆریەکانی شکست خواردوی خۆیان بسەلمێنن ، بەڵام زۆری نەخایاند کە دیسان فیدائیان واتە پارێزەرانی خوێنی حەمید ئەشرەفەکان ، خەون لە چاوی ئینسان کوژان گرتن و هەموو هەوڵ و تەقەلاّی ئۆپۆرتونیستەکانی نیشتمانی و لایەنگرانی خەباتی ئاشتی خوازانە پووچەڵ کردنەوە . ڕێکخراوی ئاگر و خوێن زیندو بوو و لە مەودای بەرز بوونەوەی بزووتنەوەی خەڵکی ، پێشوازی پڕ لە هەست و بێ وێنەی ملیونها کەس لە خەڵکی کرێکار ، جووتیار ، ڕووناکبیرانی شۆرشگێر و زەحمەتکێشانیتر لە ڕێکخراوی ئێمە و بوونی ئەو بە گەورەترین ڕێکخراوی مارکسیست– لینینیستی ڕۆژ هەڵاتی ناوە ڕاست و لایەنگری ملیونها کرێکار و زەحمەتکێش لەوێ نیشاندەری ئەم ڕاستیە بوو کە سەرەڕای زەبرەکانی یەك بە دوای یەك و لە دەس دانی باشترین و شایستەترین ڕێبەرانی بزووتنەوە ، بەڵام ئارمانی ئەوان زیندووە ، خەباتی ئەوان لە لایەن هەزاران کەسیتر لە کۆمەڵانی چەوساوە کە شیفتەی قارەمانەتی و خۆراگری و گیان فیدایی ئەوانن درێژە پێ دەدرێ . پێشڕەوانی چینی کرێکار سەرچاوەی عەشق و خۆشەویستی کۆمۆنیزم لە ناو دڵی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و ژێر دەستن .

ئەمڕۆکە لە حاڵێکدا ڕێز لە یادی هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف و ٩ هاوڕێتری فیدایی هاوسەنگەری دەگرین کە بزووتنەوەی فیدایی و ڕێکخراوی ئێمە سەدان هەوراز و نشێوی تێپەڕ کردووە و بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستەکان و سەرکەوتنەکان و لە گەڵ بە کار هێنانی ئەزموونەکانی ڕابردوو ، لە نەریتەکانی پڕشنگداری ڕێبەرانی شەهیدی خۆی فێر دەبێ . ئاڵای سوورێك کە بە خوێنی هەزاران حەمید ئەشرەف ڕەنگ کراوە وەك ئاڵای خوێناوی چینی کرێکاری ئێران لە پێشەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بەرز کراوەتەوە ، ئاڵای خوێناوی خەباتی کینەیی و ڕووخێنەری ستەم کێشان و چەوساوەکان .

**یادی بەرێز و ڕێگای پڕ لە ڕێبوار**

## پاشماوەی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە . . .

گەڵ شێوەکانی کۆمۆنیستی سیستەماتیزە بکات و پاشان کادیرەکانی خۆی پەروەردە و فێر بکات ، بەو ڕادەیە لە هەڵدایە کە یەکەم جار بیهەوێ کادیرەکانی خۆی پەروەردە بکات و پاشان تەشکیلاتی خۆی دروست بکات . ئەو بیر و بۆچوونە کە یەکەم جار بە شوێن تەشکیلاتی تەیار بە پێشکەوتووترین شێوەکانی کۆمۆنیستی دەگەڕێ تاکو هێزەکانی کۆمۆنیست لە ناو ئەو ئاوەدا غوسڵی تەعمید بدات ، هەمان بیر و بۆچوونی میکانیستیە کە تێ دەکۆشێ بە پرولیتیریزە کردنی خۆی و گەیشتن بە هندێك خۆ نواندن و ئۆسوڵی خۆ نیشاندان ، خۆی وەك کۆمۆنیستێکی تەواو عەیار و بێ هیچ کەم و کوڕی و لاوازی و هەڵەیێك بناسێنێ .

بۆیە هەروا کە گۆتمان ، گەیشتن بە شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن ، پێویستی هەیە بە ئاوا سیستەمێك کە هاوکات لە گەڵ پەروەردە و فێر کردنی کادیرەکان ، بەرە بەرە خۆدی تەشکیلاتیش لە دەستەکانی خوارەوەی حیزب واتە شانەکانی سوور ، تاکو بەرزترین ئۆرگانەکانی حیزبی بۆ پاراستن و سەقامگیری ئاوا سیستەمێك ڕاهێنێ و لە هەموو بوارەکانی سیاسی _ ئایدۆلۆژیك ، تەشکیلاتی و شێوەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ هەموو بابەتەکانی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی یەك جۆرە تێ گەیشتن پێك بێنێ .

بە واتایێکیتر ، تەنیا ئەمە بەس نیە کە بۆ نموونە تەشکیلاتێك یەك پرۆگرامی هەبێ بۆ شۆڕش . ئەم پرۆگرامە جگە لەوەی کە دەبێ لە گەڵ ڕاستیەکانی کۆمەڵایەتی بە تەواوی ڕێك بێت ، تەنیا و لە کاتێکدا دەتوانێبێتە پرۆگرامێکی جیددی و بە کردەوە لە ناوخۆی تەشکیلات و هێزەکانی ئەنجام دەری ئەو ، کە هەموو ئۆرگانەکانی جۆر بە جۆری تەشکیلاتی ، ڕێکخستنەکانی حیزبی ، شانەکانی سوور و بە گشتی هەموو کادیران و هێزەکانی تەشکیلات ئەم پرۆگرامە بە شێوەیێکی بنەڕەتی و قووڵ لا تێ بگەن ، هەموو لایەنەکانی ئەو بناسن و لە هەموو بوارێکی چالاکی خۆیان ، ئەم پرۆگرامە بە کار بهێنن و لە هەمان حاڵدا زەمینەکانی گۆڕانکاری و پەرە ساندنی ئەو پێك بهێنن. تەنیا هۆکار بۆ پێك هێنانی ئاوا تاقانە ئیرادەێك ، تەنیا لە ڕێگای ڕەخنە گرتنەکانی ئۆسوڵی و کۆمۆنیستی بە ئەنجام دەگات .

ڕەخنە گرتن لە ناوخۆی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی ، لە سێ زەمینەی ئەساسی لە گرێنگی پلەی یەکەم بەهرەمەندە :

١ _ سیاسی _ ئایدۆلۆژیك

٢ _ تەشکیلاتی

٣ _ بوژانەوە و گەشە کردنی تایبەتمەندی و ئەخلاقیاتی کۆمۆنیستی .

ئەم سێ زەمینەیە ئەگەر چی لە یەکترذا جیا ناکرێنەوە و بە تەواوی پەیوەندیان پێکەوە هەیە و بە هیچ شێوەێك لە یەکتر جیا ناکرێنەوە ، بەڵام بۆ تێ گەیشتنی باشتری بابەتەکە و بۆ ئەوەی ڕوون تر بێتەوە ، باشترە هەر بابەتێك بە شێوەیێکی جیاواز پێداچوونەوەیان لە سەر بکەین و پاشان پەیوەندی ئەوان پێکەوە ڕوون بکەینەوە . لە سەر ئەم سێ زەمینەیەی ڕەخنە گرتن لە بەشەکانی دوایی‌دا باس دەکەین .

(( بەشی پێنجەم لە ژمارەی داهاتوو ))

## (( پا شماوەی ووشەی سیاسی ))

زەحمەتکێش تێ بکۆشن و هاوکات لە گەڵ ئەویشدا خەباتێکی خەڵکی بەربلاو لە دەرەوەی پەرلمان وە ڕێ بخەن و هەوڵ و تەقەلاّی هێزەکانی دواکەوتوو تێك بشکێنن . ئەمە یەکێك لە شێوازەکانی بە ئەنجام گەیاندنی ئاشتی خوازانەی شۆرشە کە تەنیا لە ڕێگای پەرە پێدانی بەردەوامی خەباتی چینایەتی کۆمەلانی کرێکار و جووتیار و سەرنج ڕاکیشانی چینەکانی ناوەندی دژی سەرمایەی گەورەی پاوانخواز ، دژی دواکەوتوویی ، بۆ گۆڕانکاری قووڵ و بنەڕەتی کۆمەڵایەتی ، ئاشتی و سوسیالیزم مومکین دەبێ . لە هەر حاڵدا پرولیتاریا و حیزبی ئەو دەبێ بە سەر هەموو شێوازەکانی خەباتی تووند و تیژی و نائاشتی خوازانە و هەروەها ئاشتی خوازانە ، پەرلمانی و ناپەرلمانی شارەزایی تەواوی بێت و ئامادەی هەر چەشنە گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕوان نەکراوی شێوازێکی خەبات بە شێوازێکیتر بێت .

# ووشەی سیاسی

## پەرلمان و خەباتی پەرلمانی

### ١ _ پەرلمان

پەرلمان بە مانای کۆرێکە لە نوێنەران کە ئەرکی یاسادانان لە ئەستویانە . لە ئێران و تورکیە پێ دەڵن مەجلیس ، لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هندێك لە ولاتانی ئەمریکای لاتین بە کونگرە ناسراوە . لە هندێك ولاتان پەرلمان تێکەلاوێك لە دوو کۆمەڵە وەك شوورا و سنا ، مەجلیسی ئەعیان یان لۆردەکان و مەجلیسی عەوام یان نوێنەران . بە شێوەێکی گشتی ئەندامانی پەرلمان هەلبژێردراون بەو مانایە کە لە لایەن خەڵك و بە دەنگی ئەوان بۆ پێك هێنانی هێز یان دەزگای یاسادانان و دارشتنی یاساکان هەڵدەبژێردرێن . لە هندێك جار ئەوان لە مەجلیس دانراون نەك هەڵبژێردراو بن و یان ئەوەی کە ئەندام بوون لە مەجلیس بە میراتی دەگات . لە ولاتانی سەرمایەداری بە لە بەرچاو گرتنی ناوەرۆك . ڕادەی دەسەلات و توانا و پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەت ، دوو جۆرە پەرلمان دیاری دەکرێ :

لە ولاتانی کۆماری پەرلمانی ( ئیتالیا ، تورکیە و هیند و . . . ) یان لە ولاتانی مەشرووتەی سەڵتەنەتی ( بریتنانیا ، سوئید و دانیمارك و . . . ) ئەسڵ وایە کە پەرلمان بە سەر هەموو کردەوەکانی دەوڵەت چاوەدێری بکات و لە ئەسلادا ئورگانی بەرزی ولات دەژمێردرێ . لە ولاتانیتر کە سەروك کۆمار دەسەلاتی بەربلاوی پێ دراوە ( ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، فەرنسا و هندێك لە ولاتانی ئەمریکای لاتین ) پەرلمان تەنیا لە باری یاسادانان ڕۆڵ دەبینێ و لەوانەیە کە هێئەتی دەوڵەت ( ئەنجوومەنی وەزیران ) بە شێوەێکی بە ڕواڵەتیش وەلامی پەرلمان نەداتەوە . لە هەر دوو جۆری ئەم گروپە ولاتان ، پەرلمان بە دەسەلاتی بەربلاو یان سنووردار ، بە شێوەێکی تا ڕادەێك بە ڕواڵەت یان بە کردەوە ، و تا ڕادەێك سەربەخۆ خەریکی کارن . لەم نێوانەدا دەبێ حسابی ولاتانی دیکتاتوری ، ئەگەر چی بە ڕواڵەت خاوەن مەجلیسن ، جیا بکەینەوە . لەم گروپە ولاتانە پەرلمان هیچ بایەخێکی نیە و زۆر بی ناوەرۆکە . لەم جۆرە ولاتانەدا سەرکردەکانی ڕێژیم ، شاکان و وەلی فەقیەکان ، ژنرالەکانی نیزامی ، و دیکتاتوریەکانی سەر بە ولاتانی داگیرکەری ئیمپریالیستی بە نیشان دانی هندێك نەمایشی هەڵبژاردن کە پڕە لە درۆ و دەڵەسە و تەزویر هندێك لە بەکرێگیراوانی خۆیان یان ئەوانەی کە لە باری کەسایەتی ناتوانن سەربەخۆ بن و بریاری سەربەخۆ بدەن وەك نوێنەر لە پەرلمان دادەنن و پارەیان پێدەدەن ، لەم ولاتانەدا دامەزرانی پەرلمان تەنیا بۆ ئەم مەبەستەیە کە سیما و رووخساری سیستەمی دیکتاتوری بە ماسکی پەرلمان داپۆشن .

لە هەموو ولاتانی سەرمایەداری بە شێوەکان و لە ژێر ناوی جۆر بە جۆر دەستێ وەردانی دەنگدانی خەڵك دەکەن . بیر و بۆچوونی خەڵك بە لارێ دەبەن ، بەربەستیان دەکەن تاکو پەرلمان بە راستی کۆری نوێنەرانی خەڵك و نیشاندەری داخوازی بۆچوونەکانی ئەوان نەبێت ، و ئەوەندەی کە پێان بکرێ لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی راستەقینەی خەڵکی زەحمەتکێش کەم کەنەوە . ئەم کردەوانە زۆر بەربلاوە و تەنیا بە یەك یان دوو کردەوە کۆتایی پێنایەیت . لە دیاریکردن و سنووردار کردنی تەمەن و ئاستی خوێندەواری و رەگەز و جۆری جنسی مرۆڤـ و ڕادەی سروەت و سامان بگرە تاکو دانانی سیستەمەکانی دژی خەڵکی هەڵبژاردن ، بێ بەش کردنی هێزەکانی دیموکراتیك لە چالاکی تەبلیغاتی و کەڵك وەرگرتنی بەرانبەر و یەکسان لە ئامرازەکانی راگەیاندن و تەبلیغات و لە کۆتاییدا تەزویر و گۆرینی کاغزەکانی دەنگدان و پڕ کردنی سندووقەکانی دەنگدان و . . . هیتد .

### ٢ _ خەباتی پەرلمانی

خەباتی پەرلمانی _ یەکێك لە شێوەکانی خەباتی چینایەتی لە جۆری سیاسی ئەوە . چینی کرێکار و حیزبی ئەو سەرەڕای شێوەکانیتری خەبات ، دەبێ بە مەرجی بوونی هەل و مەرجی گونجاو لەم شێوەی خەباتیشە کەڵك وەر بگرێ ، خەڵك رێك بخات ، سیاسەتەکانی دژی خەڵکی لە کاتی هەڵبژاردنەکان ئاشکرا بکات ، تێ بکۆشێ ڕادەیێکی هر چی زۆرتر لە نوێنەرانی راستەقینەی خەڵك بینێرێتە پەرلمان ، لە پەرلمان دا لە تریبونی رەسمی بۆ راگەیاندنی داخوازیەکان و بەرەو پێش بردنی پروگرامی شۆرشگێرانەی خۆی کەڵك وەر بگرێ . ڕەت کردنی خەباتی پەرلمانی لە هرە هەل و مەرجێك بە هەمان ڕادەیە هەڵلە و زیان بەخشە بۆ بزووتنەوە کە قبوول کردنی خەباتی پەرلمانی لە هەموو هەل و مەرجێك دا . ڕەت کردنی خەباتی پەرلمانی لە هەموو هەل و مەرجێك بە لارێ چوونە بەرەو لای راست و بەربەست کردنی خەبات تەنیا بە یەك شێواز و بێ بەشکردنی کۆمەڵانی خەڵك لە بە کار هێنانی چەکەکانیتر لە شەڕ دژی سەرمایەداری .

ئەحزابی کۆمۆنیست و کرێکاری و رێکخراوەکانی پێشکەوتوو لە خەباتی پەرلمانی بۆ دیفاع لە قازانجەکانی زەحمەتکێشان و سەربەخۆیی ولات و بۆ ئەوەی نەهێڵن پەرلمان ببێتە کلکی دەسەلاتداران و بۆ ئاشکرا کردنی سیاسەتی دژی خەڵکی کەڵك وەردەگرن . دەرهێنانی پەرلمان لە حاڵەتی کلکی بێ دەسەلات و بێ بڕیاری حکومەت ، دابین کردنی بەشداری ئازادانە لە هەڵبژاردنەکان ، ناساندنی پاڵێوراوان و دەنگدانی ئازاد لە لایەنەکانی گرێنگی کاری دیفاع لە دیموکراسیە .

خەبات بۆ ئازادی هەڵبژاردنەکان یەکێك لە شێوەکانی خەبات بۆ دیموکراسیە . لەم هەل و مەرجەی ئێستادا ، چینی کرێکاری هندێك لە ولاتانی سەرمایەداری دەتوانن بە کەڵك وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی خەباتی خۆیان ، زۆرینەی خەڵك بە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و بۆ وە دەس هێنانی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلمان و گۆرینی ئەو لە ئامرازی ویستەکانی چینایەتی بورژوازی بە ئامرازێك بۆ خزمەت کردن بە کۆمەڵانی خەڵکی

پاشماوە لە لاپەرەی ٩

ناونیشانی سایتی رێکخراو ، پۆستی ئەلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :
www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571

بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !